# کام ئایدیۆلۆژی و
# چ بەرەیەکی
# کوردستانیمان
# دەوێ ؟

نووسینی : کەریم ئەحمەد

# کام ئۆتۆنۆمی و چ بەرەیەکی کوردستانیمان دەوێ ؟

نووسینی : کەریم ئەحمەد

مەسەلەی کورد، پێش و دوای شەڕی جیهانی یەکەم، جێگەیەکی گرنگی لە باروودۆخی نێو دەولەتاندا پەیدا کرد. لەو کاتەدا پسپۆڕ و زانایانی دەولەتە ئیستعماری یەکان بە قەرسی پارچەی کوردستاندا دەگەڕان و، لەڕووی ئابووری و سیاسی و عەسکەرییەوە، لەباری کوردستانیان دەکۆڵییەوە و ڕاپۆرتی وردو هەمە لایەنیان بە حکومەتەکانیان دەدا بۆ ئەوەی لە جێبەجێ کردنی بەرژەوەندییەکانیان کەڵکی لێ وەربگرن.

پاش شەڕی جیهانیی یەکەم و دارمانی ئیمپراتورییەتی عوسمانی و دابەش کردنی وڵاتە ژێردەستەکانی (مستعمرة) کانی بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکس - پیکو لە نێوان وڵاتە هاوپەیمانەکان، کێشەی کورد چووە نێو داهۆدەزگاکانی

کومەلەی نەتەوەکانەوە . لەویداو بەپێی ریکەوتننامەکەی سیڤر، بریاردرا دەولەتیکی کوردی لەو بەشانەی کوردستان دابمەزری کە لەژیر چنگی دەولەتی عوسمانی دا بوون- کە ئەمرو کوردستانی تورکیاو عیراق پیك دینن . بەلام لەدوای سازشی ولاتە ئیستعماری یەکان لەگەل حکومەتی تازەی تورکیا بەسەرکردایەتی مستەفا کەمال و دامەزراندنی دەولەتی عیراقو دانانی مەلیك فیصل لەلایەن ئینگلیزەوە وەك پاشا بەسەریدا، کوردستان لەنیوان تورکیاو عیراقدا دابەش کراو، کوردستانی ئیرانیش لەژیر دەسەلاتی ئیراندا مایەوە .

لەم قوناغەی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی‌کورددا و پاش دابەش کردنی کوردستان بو سی بەش، کیشەی کوردئالوزتر بوو و، ئەم واقیعە تازەیە ش بووە هوی کەرت بوونی هیزە کوردی یەکان . هاوکات لەگەل ئەوەشدا تیکوشان لەپیناوی دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە عیراق و تورکیاو ئیراندا- هەریەکە بەجیا ، دەستی پی‌کرد . بەلام ئەم خەباتانە کە لە چەندین راپەرین و شورشدا رەنگیان دایەوە ، لەبەر چەند هویەکی زاتی کەپەیوەندی بە

بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردەوە هەیە ، سەرکەوتنیان وەدەست نەهینا ، لە پیشەوەی ئەو هویانەدا ، سروشتی چینایەتی سەرکردەو هیزەکانی ئەو شورشو راپەرینانەو ، مانەوەیان لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراودا ، نەبوونی ئەو شورشانە بەجولانەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوان . ئەمە سەرەرای کومەلێ هو و هوکارەکانی تر کەپەیوەندییان بەپارسەنگی هیزەکان لەناو هەر ولاتیك و لەسەر ئاستی نیو دەولەتانەوە هەبوو و ، سازشی کونەپەر- ستی ی بەکریگیراوی کورد لەگەل کونەپەرستانی تورکیاو عیراق و ئیراندا .

پاش ئەوەی کوماری تورکیا پیکهات و حکومەتیکی پاشایەتیش لەعیراقدا دامەزرا ، کوردستان بووە بەشیك لەوان ، بەمەش کیشەی کورد بووە بەشیك لەبزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی دژی ئیستعمارو دەرەبەگایەتی و کونەپەرستی و ، مەسەلەی چارەسەرکردنیشی کەوتە چوارچیوەی دەولەتیکی فرەنەتەوەییەوە . لیرەوە ، مەسەلەی کورد چووە قوناغیکی تازەوە و موركیکی نوی ی بەخووە گرت .

حزبی ئیمە - حزبی شیوعی عیراق ، هەرلە

دامەزراندنیەوەو بەپشت بەستن بەمەبدەئەکانی مارکسیزم ـ لینینیزمەوە ، مافی بریاردانی چارەنووسی بوگەلی کورد لەعیراقدا بریاردا ، بەمافی دامەزراندنی دەولەتی نیشتمانی سەربەخوشیەوە . هەروا پشتگیری راپەرینە نەتەوەییەکانی کردو پالپشتی خەباتی گەلی کوردی لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا کرد دژی ستەمی نەتەوەیی و لەپیناوی یەکیتی نەتەوایەتیدا .

لەکاتیکدا حزبمان ئەم مافە سروشتیانەی بریاردا ،هەر لەوکاتەدا بەتوندی پی ی لەسەر گرنگی یەکگرتنی هیزەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کوردو کەمەنەتەوەییەکانی داگرت دژی ئیستعمارو حوکمی پاشایەتی کونەپەرستو دەرەبەگایەتی و ، لەپیناوی دامەزراندنی رژیمی حوکمیکی نیشتمانی دیموکراتی و ، لەم قوناغەشدا حزبمان بەرنامەیەکی نەتەوەیی دیموکراتیانەی خستوتە روو کەلەگەل ئامانجە نیشتمانیەکاندا دەگونجی و ، ئەو هیزە سیاسی و کومەلایەتیانەش کەسوپایەکی سیاسی بەتوانا پیك دینن بو ئەنجامدانی ، تییگەیشتبوون ، ئەوبەرنامەیەش ئوتونومیە ، کەگشت هیزە دیموکراتی و

پیشکه وتنخوازه کان پی ی قایلن و له سه ری یه ك ده نگن ، به و پییه ی به شیکه له مه سه له ی دیموکراسی که بو به دی هینانی تیده کوشین .

حزبه که مان ، چاره سه ری به رچاوانه ی مه سه له ی کوردی له گه ل مه سه له ی دیموکراسی به یه که وه گریداوه ، چونکه دوو کیشه ی پیکرا گریدراون . له م روانگه یه وه بوو دروشمی ( دیموکراسی بو عیراق و حوکمی زاتی بو کوردستان ) ی به رزکرده وه و ، له لایه ن هیزو حزبه نیشتمانی و پیشکه وتووه کانی گه له که مانه وه به گشتی و جولانه وه ی رزگاریخوازیی نه ته وه یی کورد به تایبه تی ، پالپشتییه کی فراوانی لیکرا . ئه م جولانه وه یه ده ستی به و دروشمه وه گرت و به دریژایی میژووی خه باتی گه لی عیراقمان به عه ره ب و کوردو که مه نه ته وایه تییه کانه وه لی ی لای نه دا ، چونکه گه لی کوردمان به هوشمه ندییه کی قوول و به تاقیکردنه وه ی خوی که ژیان راست و دروستی سه لماندووه ، ده رك به وه ده کا که کیشه که ی به شیوه یه کی ئورگانیکی به مه سه له ی به دی هینانی رژیمیکی دیموکراتی له عیراقدا گری دراوه . هه ر لیره شه وه هیزه کانی خوی له گه ل هیزه کانی گه لی عه ره ب و که مه نه ته وه یی

ـ یەکان یەکدەخا بو تیکوشان لەپیناوی جیبەجی کردنی ئامانجە رەواکانیدا.

گەلی کوردمان و بزوتنەوە رزگاریخوازە دیموکراتییەکەی، بەپشت بەستن بە ئەزموونە شورشگیرە زوروزەبەندەکەیەوە، لەوەگەیشتووە کە بورژوای شوفینیی حوکمرانی عەرەب، ناتوانی بەهیچ شیوەیەك رژیمی دیموکراتی بەدی بهینی، هەر بویە ئەوەشی لەتواناد ا نییە کە ئوتونومی بوکوردستان بریار بداوجیبەجی بکا. بورژوای لیبرالی عەرەبیش، هەرچەند دروشمی فریودەرانەی (هاوبەشی عەرەب و کورد لە نیشتمان) و، (یەکسانی لەمافەکاندا) بخاتە روو ولافی پیوە لی بدات، ناتوانی دیموکراسی و حوکمی زاتی بەجی بگەیەنی.

دروشمی یەکسانی، کە بورژوا بەبی ناوەروك بلاوی دەکاتەوە، ئامانجی ئەوەیە، کیشەی نەتەوایەتی بتوینیتەوەو دریژە بە زالبوون و چەوساندنەوەو خوسەپاندن بەسەر نەتەوەی کورددا بدا، چونکە یەکسانی لە راستیدا، بەپیی مەفهومی مارکسی ـ لینینی و ئایدیولوژیای پرولیتاریا، بەمانای مافی گەلی کوردە لە بریاردانی چارەنووسیدا، بە

دامەزراندنی دەولەتی نیشتمانی سەربەخوشی ـ یەوە ، هەروەکو گەلی عەرەب .

بزرژوای بیروکراتی و مشەخوری شوفینی حوکمرانی عەرەب ، مەفهومی ئوتونومی لەر ووی سیاسی و فیکری یەوە شیواندو تەنانەت لەکاتی جیبەجی کردنیشدا ناوەکەشی نەهیشت و پووچەلی کردەوە . کاتیکیش بەناچاری دانی بەو مەسەلەیەدا نا ، ئەوە لەباروخیکدا بوو کە پارسەنگی هیزەکان لەناوەوەو دەرەوەدا بەلای بەرژەوەندی هیزە دیموکراتییەکان و جولانەوەی رزگاریخوازیی کورد دەشکایەوە . ئەو دان پیا ـ نانەش کرا بەبنچینەی مانوریك بوکەرتکردنی یەکیتی هیزە دیموکراتی یەکان لەولات و کەلا ـ خستنی جولانەوەی کورد ، ئەمەش لەکردەوەدا بووە هوی گورانی پارسەنگی هیزەکان بەلای حوکمی دیکتاتوری شوفینیدا ، کەپاشان شالاویکی درندانەی تیروری دەرهەق بە جولانەوەی دیموکراتی و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بەرپاکرد .

ئەمروش هەندی هیز لەکوششدان بو تواندنەوەی کیشەی نەتەوەیی لەژیر کومەلی دروشمی کوسموپولیتی داپوشراو بەپەردەی

ئاینییەوە ، لەکاتیکدا ژیان و تاقیکردنەوە ـ
کەی ئەوەیان سەلماندووە کە جگەلە دەسەلاتی
ئیئتیلافی نیشتمانی دیموکراتی کەچینی کریکار
رولیکی بالای تیابگیری ، هیچ دەسەلاتیک
ناتوانی دیموکراسی بوعیراق و ئوتونومی
راستەقینە بو کوردستان زامن بکا .

تائیستاش لەناو بزوتنەوەی نەتەوەیی
کورددا ، هیزو کەسانی ئەوتو هەن بروایان بەوە
هەیە و چاویان بریوەتە ئەوەی ، کەدەکری
ئوتونومی بەدابراوی لەخەباتی گەلی عیراق و
هیزە نیشتمانی و پیشکەوتنخوازەکانی لەپیناوی
روخاندنی دیکتاتوریی و دامەزراندنی حوکمی
ئیئتیلافی دیموکراتی جیبەجی بکری .

ئەو هەول و تەقەلایانەی کەبەنیازی
چاکردنەوەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە
کیشەی دیموکراسی دەدرین ، وەك بلیی کیشەی
گەلی کورد لەکیشەی گەلی عیراق دابراوبی ،
نەك زیان بەسەرجەمی بزوتنەوەی شورشگیری لە
ولاتدا دەگەیەنی و بەس ، بەلکو زیان بەخودی
جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردیش
دەگەیەنی و ، دەبیتە مایەی سەرهەلدان و
بوژاندنەوەی دەمارگیری نەتەوایەتی و گورینی

تیکوشانی دیموکراتی دژی شوفینیزم بو زورانبازی نەتەوەیی نیوان عەرەب و کورد ، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئیستعمار و شوفینیزمدایە. بەم جورە راکردن بە دوای وەهم و خەیالاتی نەتەوەیی گوشەگیریی بورژوازی ، نابیتە مایەی یەکگرتنی هیزە نیشتمانی ودیموکراتی - یەکان ، بەلکو دەبیتە مایەی زەبروەشاندن لە یەکترو لیدانی بزوتنەوەی جەماوەریی کە لە کوردستاندا سیمای رابوون و دەستپیشخەریی بەخووە گرتووە . بەم پیکدادانەش خزمەتیکی بەخورایی پیشکەش بەخودی دەسەلاتی دیکتاتوری دەکری.

چارەسەری دیموکراتییانەی رەوای کیشەی کورد، کە بەندە بەجی بەجی کردنی دیموکراسی لە ولاتدا ، دەبی پشت بەجەماوەری بەرفراوانی گەل و هاریکاریی هیزە نیشتمانی و نەتەوەیی یە پیشکەوتنخوازەکان لە هەریمی کوردستان و سەرانسەری عیراقدا ببەستی.

گەلی کوردمان لە ماوەی خەباتی دوور و دریژو تالیدا لە پیناوی مافە نەتەوایەتی یە رەواکانیدا ، ئەزموونیکی دەولەمەندی کەلەکە کردووە و ، هەلویستی هەموو حزبە نەتەوەییە

بورژواکانی لە حوکمو دەرەوەی حوکمدا تاقی ـ
کردوتەوەو ، بروایەکی پتەوی بەوە پەیداکردووە
کە جگە لەچینی کریکارو حزبە شیوعییەکەی ،
هیچ چینیکی کومەلایەتی و هیچ حزبیکی سیاسی
نیە ،بەکردەوە مافی بریاردانی چارەنووس بو
گەلی کوردبریاربدا ، ئەو چینەی کەنەك هەر بو
رزگاری خوی لەکویلایەتی سەرمایە تیدەکوشی ،
بەلکو لەپیناو رزگارکردنی کومەل لەگشت
شیوەکانی زورداری و ستەمی کومەلایەتی وسیاسی و
نەتەوایەتیش خەبات دەکا .

جولانەوەی رزگاریخوازیی دیموکراتی
نەتەوەیی کورد ، بەشیکە لەبزوتنەوەی
دیموکراتی رزگاریخوازیی نیشتمانی و ، بەشیکە
لەبزوتنەوە ئازادیخوازەکانی گەلانی جیهان .
هەروا هاوپەیمانیکی مەوزوعییانەی چینی
کریکاری عیراقە . پروگرامی حزبەکەشمان کە
چوارەمین کونگرەی نیشتمانی ( ١٠- ١٥ی تشرینی
دووەمی ١٩٨٥) بریاری لەسەردا ، ئەو راستییەی
دووپات کردەوەو ، تیایدا هاتووە .(بزوتنەوەی
نەتەوایەتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد ،
بەشیکە لەجولانەوەی دیموکراتی شورشگیری و
هاوپەیمانیکی بنەرەتیی پرولیتاریای عیراقە

لە تێکۆشانیدا لە پێناوی بەدی هێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی) .

هەروەها جولانەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد ، پلەو پایەیەکی بەرزو دیاری لە خەباتی بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتیدا لە پێناوی (( دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتونومی بۆ کوردستان )) پەیداکرد. بەرنامەی حزبمان ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەم جولانەوەیە . (بەشێکی گرنگی بزوتنەوەی دیموکراتی پێک دێنی لە ولاتەکەماندا و، کۆمەلانی خەلکی کوردلە بەرەنگاربوونەوەیاندا دژی ستەمی نەتەوەیی و چەوساندنەوەی چینایەتی و،لە تێکۆشانیاندا لە پێناوی داخوازیە دیموکراتی و مافە نەتەوایەتییەکان ، خەباتێکی ئاشتی و چەکداریی بێوچان و بێ برانەوەیان دژی ئیستعارو کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی بەرپاکرد. هەموو ئەمانەش هۆشمەندی سیاسی و چینایەتی خەلکی کوردی قوول کردەوەو ، پەیوەندی بەخەباتی جەماوەری عەرەب و کەمە نەتەوەییەکان بەتێن کردو ، دەرکی بەوە کرد کەبەرژەوەندییە نەتەوەییە رزگاریخوازی و ئامانجە دیموکراتییەکانی ، بەتەواوی لەگەل بەجێ

گەیاندنی شورشی نیشتمانی دیموکراتیدا دەگونجی ) •

لەزوانگەی ئەم راستییانەوە ، دەبی ئەو بنچینە مەبدەئیانە روون بکەینەوە کە ئوتونومی ی لەسەر دادەمەرزی بو بەرپەرچدانەوەی ئەو شیواندنانەی ، حزبە نەتەوەییە بورژوا عەرەبییەکان پەنای بو دەبەن و هەولی پووچەلکردنەوەی ناوەروکی دیموکراتییانەی دەدەن • ئەو بنچینانەش پشت بەم خالانەی خوارەوە دەبەستن •

١ـ دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافی حوکمی زاتی لەکوردستانی عیراقدا ، بەپی ی ئەو ناوچانەی کە کورد زوربەی دانیشتوانی تیا پیك دینی •

٢ـ هەلبژاردنی ئەنجومەنیکی یاسادانان لە سایەی ئازادییە دیموکراتییەکاندا و ، هەرلەم ئەنجومەنەشەوە ، دەسەلاتی تەنفیزی (رابەرایەتی ) پیك بهینری و لەبەردەم ئەنجومەنی یاسادانان دا بەرپرس بی •

٣ـ شادبوونی کەمەنەتەوایەتییەکانی دانیشتووی کوردستان بەمافی بەریوەبردنی ناوخویی (محلی) و روشنبیریی نەتەوەیی •

٤ـ پێکهێنانی ئەنجوومەنێك بۆکارو باری نەتەوەیی، کەلەژمارەیەکی یەکسان لەعەرەب و کورد پێك بێ و، بۆهەر کەمایەتییەکیش نوێنەرێك دابنرێ. ئەرکی ئەم ئەنجوومەنە ئەوە دەبێ، چاو بەوناکۆکییانەدا بگێڕێ کە لەوانەیە لەنێوان دەستەکانی ئۆتۆنۆمی و دەستە ناوەندی (مرکزی) یەکاندا دروست ببن، لەوانە، کەپەیوەندی بەجێبەجێکردنی یەکسانی هەبێ لەرووی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییدا. بڕیارەکانی ئەم ئەنجوومەنەش، دەبێ جێبەجێ بکرێن.

٥ـ نوێنەرایەتی کردنی گەلی کورد،لەدەستە ناوەندییەکانی دەسەلاتی یاسادانان و،نوێنەرا- یەتیکردنی لەدەسەلاتی راپەڕاندندا بەپێی رێژەی (نسبەی) دانیشتوانی بۆ سەرجەمی دانیشتوانی عیراق، .

٦ـ لەبەر رۆشنایی ئەم مەبدەئانەدا،یاسایەکی دیموکراتی بۆ ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان دابڕێژرێ. بەندێکی تایبەتیش لەدەستووری کۆماری دیموکراتی عیراقدا هەبێ، کەباسی مەسەلەی کوردو مەسەلەی ئۆتۆنۆمی و ئەو بنچینانەش کەلەسەری دادەمەزرێ بکاو،

ئه نجوومه نی نیشتماتی عیراق بریاری له سه‌ر بداء.

دامه زراندنی رژیمی حوكمی دیموكراتی له ولات و جیبه جی كردنی ئوتونومی راسته قینه بو كوردستان و اده خوازی، هه ول و ته قه لاكان له سه ر ئاستی ولات و له سه ر ئاشتی كوردستان كوبكرینه وه و یه كبخرین. جاله به ر ئه وه ی كه به رنامه یه كی هاریكاری له نیوان هیزه نیشتمانی یه عیراقی - یه كان، له نیوان حزبه عیراقی و كوردستانی یه كاندا هه یه، كه له (جود) دا خوی ده نوینی، هه ربویه ئه م باره مه سه له ی پیكهاتنی به ره یه كی كوردستانی له نیوان حزب و ریكخراوه كوردستا - نی یه كان ده خاته روو، بو سوزكرد ایه تی كردنی ده سته كانی پاسادانان و راپه راندنی ئوتونومی به شیوه یه كی هاوبه ش، بو سه رخستن و په ره پیدانی ئوتونومی و قوولكردنی ناوه روكه كومه لایه تی - یه كه ی و، په ره دان به كوردستان له رووی ئابوری یه وه، به وپی یه ی ئه وه به شیكه له به جی گه یاندنی دیموكراسی له عیراق و په ره دان به ناوه روكه كومه لایه تی یه كه ی.

هینانه دی ئامانجه رزگاریخوازیه كانی گه لی كورد و ئه ركه كانی ئوتونومی، كه پیویست به

پیکهاتنی بەرەی کوردستانی دەکات، وەک بەشیکی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی لەولاتدا ،بەبی پشت بەستن بەبزوتنەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوان و تەییارو ئامادەکراو بوجیبەجی کردنی ئەم ئامانجانە ، بەدی نایەت . چونکە بەبی جەماوەری گەل و پیشرەوە سیاسییەکانی کە سەرکردایەتی جەماوەریان لەباردایە ،ناتوانریت قسە لەمەر تواناکانی دامەزراندنی ئوتونومی و مافە نەتەوایەتییە رەواکانی گەلی کورد بکریت.

کەواتە ،لەباروزروفی ئیستادا چون دەروانینە بەرەی کوردستانی ؟

لەسەرەتادا پیویستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە کومەلی کوردستان، وەک هەر کومەلگایەکی چینایەتی .تر ،چەندان چینی کومەلایەتی تیایەو ، کومەلی حزبی سیاسی نوینەرایەتییان دەکەن کەلەیەک کاتدا ئامانج و بەرژەوەندی جیاوازو هاوبەشیان هەیە ، ئەمەش مانای ئەوەنییە کە هەموو چینەکانی گەلی کورد لەسەر بەرژەوەندو ئامانجە هاوبەشەکاندا یەک دەگرنەوە ،چونکە چینی ئەوتو هەیە، میژوو حوکمی نەمانی

بەسەردا سەپاندووە، بۆنموونە وەکو دەرەبەگ. ئەگەرچی کریکاران و جوتیاران و رەنجدەران و بورژوای بچوك و بورژوای غەیرەکومپرادوری کورد بەرژەوەندو ئامانجی جیاجیایان هەیە، بەلام لە هەمان کاتدا لەسەر چەندین ئامانجی گشتی و بنەرەتی یەك دەگرنەوە وەك بنیاتنانی ئوتونومی و پیشکەوتنی کوردستان لە بواری ئابوری و کومەلایەتی و روشنبیری و رووکردنە پەیرەوکردنی مافی بریاردانی چارەنووس لە چوارچیوەی دەولەتی فرەنەتەوەیەیدا. هەر چەندە هەرحزبیك لەم حزبانە پروگرام و ئایدیولوژیای خوی هەیەو لە ریگای پروپاگەندە و راگەیاندن و بنیادنانی ریکخراوەکانی لەنیو جەماوەرداو هەولدان بو راکیشانی جەماوەر بو پال بەرنامەکەی، کاردەکا لە پیناوی کوکردنەوەو سازدانی کومەلانی خەلك لەدەوروبەری پروگرامەکەیدا، لەهەمان کاتدا کومەلی ئامانجی نەتەوەیی و کومەلایەتی هاوبەش هەن، کە حزبەکان لەسەری کودەبنەوە. لەروانگەی ئەم واقیعەشەوە دەبی هاوپەیمانی‌یەکی سیاسی لەنیوان ئەمحزبانەدا پیك بیت بو راپەراندنی بەرنامەیەکی خەباتگیرانەی

هاوبەش لەسەر بنچینەو مەبدەئی دیموکراتی ئاشتیخوازانە، کەلە پیناویدا ، هەموو حزبەکان بەگیانی هاریکاری و هەستی بەرز بە بەرپرسیاری بەرامبەر کیشەی گەل لەکاردابن .

بەتەنگەوە هاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد ، لەپیشەوەیان دیموکراسی ، کەمانای دامەزراندنی ئوتونومی و جیبەجی کردنیتی بەپی ی ئەو بنچینەو مەبدەئانەی باسمان کردن ، پیویست بەوە دەکا مەسەلە تەباو هاوبەشەکان لەسەرەوەی ئەوشتانە دابنرین کە ناکوك و جیاجیان .

هەربویە پیویستە بەرەی کوردستانی داوا کراو ، بەرەیەکی نەتەوایەتی گوشەگیر نەبی ، بەلکو لەچوارچیوەی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی ولاتدا بی و بەشیکی ئەوبەرەیە بی . تەنیا ئەمەش ، یەکیتی تیکوشەرانەی نیوان هەردوو گەلی عەرەب و کوردو کەمەنەتەوەکان زامن دەکا ، کەزەمینەی سەرکەوتنی بەدیهینانی ئامانجە هەرەبنەرەتییە دیموکراتییەکانە لە گشت بوارەکانی ئابوری وکومەلایەتی و روشنبیریدا .

ئەم بەرەیەش، وەکو ئەو بەرە نیشتمانییە

دیموکراتییەی ئیستای ولات، بو بەریوەبردن و چەسپاندن و پەرەسەندنی ئوتونومی پیویستە، بو ئەوەی گشت هەول و تەقەلایەك بو لابردنی پاشماوەکانی تیکدان و دواکەوتن کە لە سەردەمی حوکمی دیکتاتوری شوفینیدا بالیان بەسەر ولاتدا کیشابوو تەرخان بکری.

دیارە نابی لەگوشەی دەستکەوت و سەرکەوتنی تەسکی هەر تویژو یا هەر چینیکی کومەلایەتی، یان لەگوشەی بەرژەوەندی پیشرەویکی سیاسی دیاریکراو، سەیری ئەم بەرەیە بکری. چونکە بەرە شتومەکیك نییە لە بازاری مەزادکاریدا بخریتە روو، بەلکو بەرە پروسەیەکی شورشگیرانەی ئالوزە، رەنگدانەوەی پەرەسەندنی هوشمەندی چینایەتی و سیاسی چین و تویژە کومەلایەتییە جوراو جورو حزبە سیاسییەکانیان و هەولدانیان بو یەکخستن و تەرخانکردنی هیزەکانیان لەپیناوی ئامانجە بنەرەتییە هاوبەشەکانی ئەم چین و تویژە کومەلایەتی یانە دەردەبری، واتە ئامانجەکانی زوربەی گەل جگە لە هیزە کونەپەرستەکان کە دوژمنی ئەو ئامانجانەن.

تاقیکردنەوەی کەلەکەبووی جولانەوەی

نەتەوایەتی کورد ئەوەی دووپات کردەوە کە سەرکردایەتی بزوتنەوەی دیموکراتی نەتەوەیی کورد لەلایەت هەر حزب یا ریکخراویکی سیاسی لەریگای هیزو خوسەپاندن و تیرورو یەکدی کوشتندا نابی و ممکن نییە ، بەلکو لەریگای هیزی نموونە بەخشین بەواقیع لەخستنە رووی دروشمی سیاسی و شیوەکانی راست و دروستی کار کردنداو ، لەریگای تیکەلاوبوون و یەکگرتنی ئەم حزب یا ئەوی تر لەناو بزوتنەوەی جەماوەری خەلکداو فیربوون لییەوەو ، رویشتن لەپیشەنگیداو پشتبەستن بە ئیرادەی جەماوەر دەبی ، لەبەرنامەکەشیدا دەربری داخوازی و ئامانجەکانی زوربەی گەلی زەحمەتکیش بی . کومەلانی خەلکیش لەماوەی پەرەسەندنی خەباتی شورشگیرانەدا ، ئەو لایەنە هەلدەبژیری کە لەباری دا هەیە رابەرایەتی بکا .

سیاسەتی پاوانکردنی گورەپان و خوفەرزکردن بەسەر جەماوەرداو ، دابەشکردنی مەیدانی خەبات بو ناوچەی نفوزو دەسەلات و ، بەرپاکردنی شەری خویناوی بەمەبەستی نەهیشتنی ئازادی کارکردن لەنیو خەلکدا بو حزب و کەسانی تر ، ئەم سیاسەتە سەرناگری و ، لەگەل کاری هاوبەشو

هەواڵنامەی کتێب

هاوپەیمانی لەپیناوی ئامانجە هاوبەشەکانی گەلدا ئاکوکە .

حزبی ئیمە هەمیشە بەرپەرچی ئەو هەول و تەقەلایانەی داوەتەوە کەبو خوفەرزکردن بەسەر گورەپانی سیاسیدا بەخت دەکرین و لە رووی سیاسی و فیکرییەوە روو بەروویان بوتەوەو ، بو پەکخستنی ئەو کوششە داخ لەدلانە تیکوشاوە کەدەیانەویست کوتایی بەرولی حزبی شیوعی لەسەرگورەپانی کوردستان بینن ، لەم تیکوشانەشیدا حزبمان لەروانگەی بەرژەوەندی جەماوەری میللی رەنجدەرەوەو ، کارکردن لە پیناویداو ، لەروانگەی دەستپاکی بو خەلك و بو بنچینە و مەبدەئەکانی هاوکاری بەئامانجی بەدیهینانی ئەم بەرژەوەندییە ، هەنگاوی ناوە .

حزبەکەمان وای دەبینی ، کەدەبی گشت حزب و ریکخراوەکانی دوژمن بەدیکتاتوری لە کوردستاندا ، لەپیشەوەیان ریکخراوی حزبمان حزبی شیوعی عیراق ، ریکخراوی هەریمی کوردستانی حزبی شیوعی عیراق و ، هەروا نوینەرانی ناوەندە دیموکراتییەکانی خویندکاران و لاوان و ئافرەتان و روشنبیران و ، نوینەرانی کەمەنەتەوەکان لەهەریمدا ،

بەشداری لە بەرەی کوردستانیدا بکەن .

بۆ ئەوەی ئەم بەرەیەش، کە دەست بە ئامانجەکانی و بە ناوەروکە نیشتمانییە دیموکراتییەکەیەوە دەگری، بتوانی ئامانجەکانی خوی بەدی بینی، دەبی دووربی لە خستنە رووی دروشمی گوشەگیری چەپرەوانە و ، هەول و تەقەلاکانی دابرینی جولانەوەی کورد لە بزوتنەوەی دیموکراتی و هاوپەیمانە راستەقینەکانی و گری دانی بە دوژمنانی کیشەی کوردەوە لە ئیمپریالی و هیزە کونەپەرستەکان، کە دریژە بە هەول و کوششەکانیان دەدەن بو خزانە ناو جولانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد، بوتیکدانی و دوورخستنەوەی ئەم بزوتنەوەیە لە ئامانجە راستەقینەکانی و لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی .

لە سەرەتاوە تائیستاش حزبمان، حزبی شیوعی عیراق رولیکی دیارو بەرزو پیشەنگی لە خەباتی گەلی کوردو جولانەوە رزگاریخواز -ییەکەیدا هەبووە . میژوو و هەلویست و قوربانییە زورو گرنبەهاکانی حزبەکەشمان لە پیناوی کیشە رەواکەی گەلی کوردماندا روون و پرشنگدارن و، جگە لە شایەتیی گملەکەمان

که هه ر زوو کومونیسته کانی ناسی و بـــــروای پی یان هینا ، پیویست به شایه تیی که سی تــــر ناکات.

ئه مرو حزبی ئیمه وای ده بینی ، که به ره یه کی کوردستانی له م چه شنه ، له لایه ن گه لــــی کوردمانه وه کومه کی ی و پشتگیری لی ده کری و ، هیزه نیشتمانی یه دیموکراتی یه کانـــــی سه رانسه ری ولاتیش، له پیشه وه یان حزبــــی شیوعیمان پالپشتی ده که ن. ئه گینا جگه لـــه به ره یه کی له وچه شنه ، ئه وا ده بیته به ره یه کـــی گوشه گیرو که لاکه وتوو و ، ناکوکی یه ناوخویی - یه کانی هه ر له یه که م روژی دامه زراندنی یه وه کلوری ده که ن و دایده رزینن ، به وه ش ده بیتـــه کوسپیك له به رده م به جی هینانی ئامانجه کانـــی گه لی کورددا و ، زیانی کوشنده ش به بزوتنـــه وه رزگاریخوازه نه ته وایه تی یه که ی ده گه یه نـــی.

ریگای بره نیشتمانی یه کان ، ریگایه کـــی تاقیکراوه یه له تیکوشان و ریره وی گه لانـــدا به ره و به دیهینانی ئامانجه به رزه کانیان . هه روا شیوه ی راست ودروسته بوسازدانی هیـــزه تیکوشه ره کانی گه ل و ئاماده کردنی سوپای سیاسی بو جه نگ کردن له گه ل دوژمندا .تیگه یشتـــن و

هەواڵنامەی کتێب

دەرك كردنی ئەم راستییانەش هوشمەندی سیاسی قوولی ئەو حزب و ریكخراوانە دەسەلمینی كە لە پیناوی ئامانجەكانی گەل و نیشتماندا تیدەكوشن و، بەلگەی هەستی بەرزیانە بەو مەسئوولیەتە گەورەیەی وەئەستویان كەوتووە.
ئەم دەرك كردن و هوشمەندییە قوولە سیاسیەش، هاوكات و هاوشان دەبی لەگەل مروونەی سیاسی تەواو بوتنازلاتی تویژی و حزبی تەسك و بەرنامەی تایبەتی لەبەرامبەر ئەو ئامانجە بنەرەتییانەی گشتئەو لایەنانە لەسەری ریكدەكەون، كە دەبی هیزەكانیان بوكاری هاوبەش یەكخەن لەپیناوی جیبەجی كردنیاندا.
ئەمەش بەو مانایە نییە كەدەبی ئەم لایەن یا ئەوی تر واز لەئایدیولوژیاو ریكخستنی سەربەخویی و ئازادی كارو پروپاگەندە بو بەرنامە تایبەتی و سیاسەتەكەی بینی، بەلكو بەبی ئەوەی ناكوكی پیك بینی هاوشانی دەبی و لەگەلیدا دەگونجی.
ئەوتاقیكردنەوە زورانەی، جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی كورد پییا تیپەری، گرنگی و بایەخی پیكهاتن و پیویستی بەرەی نیشتمانی دیموكراتی لەولاتدا دووپات دەكەنەوە

لە هەلومەرجی ئیستاشماندا ، شتیکی بەپەلەو پیویستە ، کە حزب وریکخراوە کوردستانیی‌یە عیراقی‌یەکان بەبی لەبەر چاوگرتنی قەوارە و کارتیکردنیان ـ بەشداری لە خولقاندنی بارو دوخیکی ئیجابی بکەن بوپیکهینانی ئەوبەرەیە، ئەویش لە ریگای نەهیشتنی زور انبازی لەهەر کیشە لاوەکی‌یەکان و ، قەدەغە کردنی پیکدادانی چەکداری لە نیوان پەلەکانی بزوتنەوەکەداو ، وەلاخستنی بیروراای سیاسی ناوچەکانی پاوانکراوو فەرمانرەوایی و ، هاندان و بوژانەوەی ووتەو مەفهومی خەباتی هاوبەشی نیوان حزبە عیراقی‌یەکان و ، ریزگرتنی بیروباوەرو ئازادی فیکرو ئینتیما بو گشت هاوولاتی یان بی فشارو ناچارکردن .

هەروا پیویستیەوە دەکا کەبرایەتی تیکوشەرانەی نیوان عەرەب و کوردوکەمەنەتە ـ وەکان ، کەبەدریژایی میژووی خەباتگیرانەی عیراق یەکی بووە لەهوکارەکانی سەرکەوتن بەسەر رژیم و حکومەتە کونەپەرست و شوفینی‌یەکاندا بەتین بکری .

هەر حزبیک لە حزبەکانی کوردستانیش لە سیاسەت و کارەکانیدا لەم ریژەوە دوابکەوی ،

ئەوا لە ئەنجامدا خوی بە گوشەگیرو کەلاکەوتوو دابراو لە جەماوەری گەل و داخوازی یە شورشگیرە رەواکانیدا دەبینیتەوە .

---

هەواڵنامەی کتێب

له بلاوكراوه كانى
راگه یاندنی ناوه ندی
حزبی شیوعی عیراق
ئایاری ١٩٨٦

